هەڵوێستی **سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان** لەئابڵوقەدانی **ڕەوتی نیشتمانی کوردستان؛** لەلایەن دەسەڵاتدارانی سلێمانییەوە.

**سەکۆ بێدەنگ نابێت و هەڵوێست دەگرێت لەڕووداوە نایاسایی و نامرۆڤییەکان دەرهەق بە کورد دەکرێت.**

وەک ئاشکرایە **ڕەوتی نیشتمانی کوردستان** وەک لایەنێکی سیاسی لە باشوری کوردستاندا پێکهێنەری ڕێبازێکی جیاوازترە لە پارت و ڕێکخراوەکانی تر، و پێکهاتووە لە دەنگ و خواستی ڕێژەیەک لە خەڵکی خەبات گێڕی کورد؛ کە بێ کەم و زیاد مافی خەباتی سیاسی‌یان هەیە هەروەک هەموو لایەنە سیاسی‌یەکانی تر... هەڵوێستی تێکۆشەرانی ڕەوت ئەوکاتە پیادەکرا کە لەدوای کۆنگرەی حیزبی زەحمەتکێشان زۆرینەی ئەندامانی وێڵی ڕەوتی خەباتی مۆدێرن بوون دوور لە ملکەچی بۆ سەرۆک و خۆبەستنەوە بەو پلان و پرۆگرامە کلاسیکیەی کە ماوەی بەسەر چووە لەڕووی مێژووییەوە...

ئەمرۆ ڕەوتی نیشتمانی کوردستان تووشی قەیرانێک هێنراوە ! بە پێی بەیانی ڕەوت لە ناوەڕاستی مانگی سێدا ؛ کە کۆمەڵێک لە ئەندامانیان بێ گوێدانە یاسا و پرێنسیپەکانی ڕێکخراوی ؛ جا لەبەر هەر جۆرە هۆیەک بێت! خۆیان و ڕەوتی نیشتمانی کوردستانیان تێکەڵ **بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان** (ی.ن.ک) کردووە.!

(ی.ن.ک.) بێئەوەی بگەڕێتەوە بۆ (سەرکردایەتی ڕەوت) و بێ لێکۆڵینەوەی پێویست و دانوسانی دیموکراتییانە لەگەڵ سەرکردایەتی (ڕەوت)دا ؛ ئەم تاقمەی کڕیوە! تەنها بۆ لاوازکردنی ڕەوت و تێکوپێکشاندنی ئەم هێزە ساوایە.!

ئێمە ناڕەزایی خۆمان دەردەبڕین دژ بەم جۆرە کارانە؛ لەلایەن کەسانێکەوە یان هەر لایەنێکەوە بێت بۆ تێکدان و لەناوبردنی دەنگە جیاوازەکانی نەتەوەکەمان. یاریدەدان و پشتگیری ئەم جۆرە کارانە لەلایەن هەر لایەنێکەوە بێت بەتاوانی پێشێلکردنی دیمۆکراسیو لادان لە پرێنسیپەکانی دەستوری حیزبی و یاساکانی ئازادی و مافی دروست کردنی هێزی نوێیە.

سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان داوا دەکات لە دەسەڵاتدران لە باشوری کوردستان؛ بەتایبەت **(ی.ن.ک)** و **(پ.د.ک)** وەک چاودێرێک هەوڵی پاراستنی دیموکراسی بدەن ، و ئەو خەڵاتەی **ئەمەریکا** هێناویێتی ( سەپاندنی ئازادی و دیموکراسی ) !!! بە ئامانەتەوە جێبەجێی بکەن. داواکارین مافی ڕەوتی نیشتمانی کوردستان و هەموو پارت و ڕێکخراوەکانی تر بپارێزرێت ، تا بتوانن بێکێشە خەباتی سیاسی خۆیان بکەن.

ئێمە پشتگیری خۆمان بۆ سەرکردایەتی و هاوڕییان و دۆستانی ڕەوتی نیشتمانی کوردستان دووبارە دەکەینەوە و بەهیواین ئەو کارە نا مرۆڤی و دژ بە پرینسیپەکانی ئازادی و دیمۆکراسی چیتر ڕێی پێنەدریت هەروەها ئەو کەللوپەلوو شوێنانەی زەوتکراون بگەڕێنرێنەوە بۆ **ڕەوتی نیشتمانی کوردستان** وەک خاوەن ماف.

دەستەی بەرێوەبەری س.س.گ.ک

کۆتایی مارتی 2005